KURDISTAN NET کوردستان نێت

The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

---

# هەڵمەتی چاک بۆ دادگاییکردنی سەددام،
# لە کوردستان و عێراق و دەرەوە بەردەوامە

**دووابەدووای بانگەوازەکەی چاک:**

- چەندین پارێزەر و نوسەر و ڕۆژنامەنووس لە پارچەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوە، ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری دەردەبڕن.
- لە کوردستان، دەیان پارێزەر پەیوەندییان بە نوێنەرایەتی (چاک)ەوە کرد.
- بە مەبەستی پەیداکردنی پشتیوانی و هاوئاهەنگیکردن، نوێنەری ( چاک ) سەردانی کۆمەڵێک لە سەندیکا، ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی پارێزەران و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی لە شاری بەغدا کرد.

**پاش بڵاوبوونەوەی بانگەوازەکەی چاک * بۆ پارێزەران و مافپەروەران، دەیان پارێزەر و مافپەروەر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، پەیوەندییان بە (چاک)ەوە کردووە و ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری دەربڕیوە. شایانی باسە، جگە لە کوردستانی باشوور، هەندێک لەو بەڕێزانە لە پارچەکانی تری کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵاتەوە ئامادەییەیان دەربڕیوە. ئێمە لەگەڵ سوپاس و پێزانین و دەستخۆشیلێکردنمان بۆ ئەو بەڕێزانە، بە گیانێکی لەخۆبوردووانەوە، بە یارمەتی گشت دڵسۆزان، لە هەوڵی هاوئاهەنگیکردنی ئەم هەوڵانەداین بۆ دادگاییکردنی سەددامی دیکتاتۆر، بەرپرسی سەرەکی جینۆسایدی گەلی کورد.**

**لە ڕووی مەیدانیشەوە، لە کوردستان و عێراق، کۆمەڵێک کاری چرووپڕی لەم جۆرە ئەنجام دراون:**

## کوردستان

دوای بڵاوبونەوەی بانگەوازەکەی چاک لە کەناڵەکانی میدیا، دەیان پارێزەر پەیوەندییان بە نوێنەرایەتی چاک لە کوردستان کردووە. سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بانگەوازەکەی لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و دهۆک لە

لقەکانی سەندیکا و لە ژووری پاریزەران بلاو کردۆتەوە.

ڕۆژی 14 / 1 نوێنەری چاک لەگەل نەقیب و سکرتێر و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان کۆبووەوە و پیشنیارکرا بۆ:

1. پێکهێنانی لیژنەیەکی یاسایی بۆ بە دواداچوون و لێکۆلینەوەی دیکۆمینت و چۆنیەتی ئامادەکردنی داواکارییەکە.
2. والاکردنی دەرگای دادگاکان بۆ تۆمارکردنی داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراو و لیقەوماوانی گەلەکەمان.

لە هەمان ڕۆژدا سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە شاری هەولێر کرا.

بڕیارە لە رۆژانی داهاتوودا دیدار و کۆبونەوەی کارکردن بۆ زیاتر بەرەو پیشەوە بردنی ئەو هەلمەتە نیشتمانییە ئەنجام بدری.

شایەنی باسە ناوەندی هەلەبجە لە کوردستاندا، وێڕای چالاکی میدیا، جەماوەری و پەیوەندی گرتن لەگەلْ لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەروا سەرقالی پێکهێنانی لیژنەکانی یاسایی و دیکۆمینتەکانە و بە هاوکاری یاساناس و رۆژنامەوانانی دلسۆز کاری بۆ دەکرێت.

ناوەندی هەلەبجە، لە رۆژانی ئایندە دا، هاوئاهەنگی و پێکهێنانی لیژنەی سەرانسەری و کار و چالاکی هاوبەش لە نێوان شارەکانی کوردستان (هەولێر، سلیمانی، کەرکوک و دهۆک) دەکاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە.

## عێڕاق _ بەغدا

نوێنەری ناوەندی هەلەبجە ( چاک ) لە کوردستان لە رۆژانی 10، 11، 12، 13 ی ئەم مانگەدا، سەردانی شاری بەغدای کرد و، بۆ پەیدا کردنی پشتیوانی و هاوئاهەنگی کردن لە هەلمەتی دادگایی کردنی تاوانبار سەددام حوسێن، زنجیرەیەک سەردان و کۆبونەوەی لەگەلْ سەندیکا، ریکخراو و کۆمەلەی ( کۆمەلی مەدەنی ) ساز دا کە بریتی بوون لەوانەی خوارەوە:

- سەرۆک و ئەندامانی( تجمع المنظمات و الجمعيات الانسانية غير حكومية. المقر العام ) ئەو فیدراسیۆنە نوێنەرایەتی زیاتر لە 120 ریکخراوو کۆمەلەی نا حکومی دەکا، لە بەغداو شارەکانی دیکەی عێراقدا.
- نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکای پارێزەرانی عێراق.
- سەرۆکی کۆمەلەی نیشتمانی بۆ داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ لە عێراق.

- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی عیراقی.
- سەرۆکی (الجمعية الوطنية للمفصولين والمتضررين السياسيين).

شایانی باسە، گشت ئەو ڕێکخراوانە پاڵپشتی خۆیان ڕاگەیاند بۆ بانگەوازەکەی (چاک) سەبارەت بە دادگایی کردنی سەدام و ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ هاریکاری و کاری پێکەوەیی لە کوردستان و بەغدا و شارەکانی دیکەدا، هەروا بانگەوازی (چاک)یان لە بارەگاکانی خۆیان هەڵواسی و بەشێکیشیان بەسەر ئەندامەکانیاندا دابەش کرد و بەڵێنیان دا لە بلاوکراوەکانیشدا بڵاوی بکەنەوە.

salahmazn@yahoo.com

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینوسایدی گەلی کورد (چاک)**
**2004/01/18**

---

**٭ بانگەوازێک بۆ پارێزەران و مافپەروەران سەبارەت بە دادگاییکردنی سەددام**

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆ سایدی گەلی کورد ـ چاک، بەنیازە لە جیاتی کەسوکاری قوربانییانی گەلی کورد، داوایەک لە دژی سەددام تۆمار بکات بۆ دادگاییکردنی وەک بەرپسی ڕاستەوخۆ و سەرەکی تاوانەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد و شوێنبزرکردن کردنی پتر لە 200 هەزار مرۆڤی کورد، لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و کارەساتی بارزانی و فەیلییەکان و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و کاولکردنی پتر لە 4500 گوند و شارۆچکە لە کوردستاندا.

بۆ ئەم مەبەستە داوا لە گشت کۆمەڵەکانی پارێزەران و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و یەکەیەکەی پارێزەران و مافپەروەران لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دەکەین، کە بە ئەرکی پیرۆز و مرۆیی سەر شانی خۆیان هەستن و هاوکاریمان بکەن و یارمەتیمان بدەن لە جێبەجێکردن و بەئەنجامگەیاندنی ئەم ئەرکە پیرۆزە.

دەتوانن لە ڕێگای پۆستی ئەلیکترۆنی ناوەندەوە، یان یەکێک لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە، یان لە ڕێگای فاکسەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن:

antigenocide@hotmail.com
هەولێر: 2228680، 2221377، 2226650 ، 2227716

**The Centre of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

**Nawendî Helebce**
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

---

سلێملنی: 077526326

کەرکوک: 222576، 219323

ئوستورالیا: 0061296100010

فینلەند: 00358405335376

هۆڵەندا: 0031433619985

ژمارەی فاکس لە هۆڵەندا: 0031152129446

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆ سایدی گەلی کورد

چاک

29.12.2003